# تێک شکانی ئیستراتیژی رژیمی ئێران له عیراق

ئێمه دەزانین ئێوه کێن و چاوەڕێی چی دەکەن، ئەوه پەیامێکی هێزه فره رەگەزەکانه بۆ جوخەکانی تڕۆر و چەکدارەکانی سەربه رژیمی ئاخوندی که له ئێران بارهێندراون و ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان راسپێردراوه مەرگ بارەکانیان بۆ عێراق بگەڕێننەوە. راپۆرتی "سی ئێن ئێن" لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو بابەته زیادی دەکات که ئەرتەشی ئەمریکا بابەت گەلی ئەو پەیامه که لەودا وێنەی دەست بەندێکی تێدایه بڵاو کردۆتەوه که لەسەری نوسراوه: بەخێر بێن ئێمه چاوەڕێی ئێوەین. لەلایێکی دیکەوه وێنەی چەکداره شیعەکانی بڵاو کردۆتەوه و داوای له خەڵك کردوه هاوکاریان بکەن و لەرێگەی تیلیفۆنەوه ئاگاداریان بکەن. ژنراڵ لوید ئاستین، فەرماندەی ژماره ٢ی ئەمریکا له عێراق لەو پێوەندیەدا گوتی: زۆرێك له فەرماندە جینایەتکارەکانی تاقمه تایبەتیەکان که عیراقیان بەجێ هێشتووه و بۆ دابین کردن و راهاتن چوونەته ئێران، هەوڵ ئەدەن دووباره بگەڕێنەوە. بەشێوەیێکی سەرکەوتوانه، بەشێك لەوانەمان له مەیدانی بەرەوڕوو بونەوەدا وەدەر ناوه. ئێمه له باکور و باشور، بۆ پێشگرتن له هاتنه ناوەوەیان بۆ عێراق، هەنگاوی جیددیمان هەڵگرتوه. هەر ئەو قسانه لەلایەن ئادمیراڵ پاتریك درسکول ووتەبێژی هێزه فره رەگەزەکان له عێراق دووباره بۆوه. زیاد لەوه گرتنی ئەو چەکدارانه و ئاشکرابوونی ئەنباره پڕ له چەك و چۆڵەکانیان هەموو رۆژێك درێژەی هەیه. بەتایبەت به گرتنی هەر کەسێکیان، زانیارییەکی زۆرمان دەست دەکەوێ که گرتنەکانی دوایی به دوادا دێت هەروەك ئەوەی که به دوای گرتنی عەلی فەیسەڵ اللامی بەڕێوەبەری گشتی ستادی ریشەکێش کردنی حیزبی بەعسی عیراق، لەلایەن هێزه فره رەگەزەکان بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعاتی رژیمی ئێران و سێ کەسی دیکه له ئەندامانی ئەو ستادەش هەر بەو تاوانه گیران بەکردەوه هەوڵەکانمان دەستی پێ کرد. بەپێی راپۆرتی تەلەفیزیۆنی ئەلرافدین ی عیراق، هێزەکانی عیراقی یەکێك له فەرماندە بەرچاوەکانی تاقمەکانی سەروه رژیمی ئاخوندیان له پارێزگای دیاله که ناوی حوسێن شاعوره، گرتووه. ناوبراو له کوشتنی ٨٠ هاووەڵاتی عیراقی دەستی هەبوه و کوژراوەکان له سێ گۆڕی به کۆمەڵ نێژراون. ئاشکرابوونی کانتێریکی چەك و تەقەمەنی و تەقینەوه له پارێزگای بابل، لەو بابەتانەیه که لەماوەی رۆژەکانی رابردوودا لەلایەن هێزەکانی عیراقی و فره رەگەز راگەێندراوە. نوێنەرێکی پارلمانی عیراق لەبارەی گرتنی تروریستانی سەروه رژیمی ئاخوندی دەڵێ: دەستێوەردانی رژیمی ئاخوندی نه ئەمڕۆ بەڵکو لەمێژه دەستی پێکردوه. سەرەتا کۆمەڵکوژی خەڵکی عیراق لەرێگەی نفوزی چەکدارەکانی سەروه هێزی قودس له ئۆرگانەکانی ئەمنیەتی و باقی دامەزراوه دەوڵەتیەکان دەستی پێکرد و بووه هۆی کوشتنی زاناکان، مامۆستایانی زانستگا و دوکتور و موهەندیسان و کەسایەتیەکانی عەشیرەتەکان. سەرلەشکر قاسم عەتا وتەبێژی گەلالەی ئەمنیەتی بەغدا له قسەگەلێکدا له کۆنفرانسی چاپەمەنی که رۆژی ٥ شەممه ٣ی رەزبەر له تەلەفزیۆنی ئەلجەزیره بڵاو بۆوە، گوتی: هۆی زیاتر بوونی تڕۆر لەچاو رابردو، بوونی بۆمبه چەسپییەکان و چەکی بێ دەنگه که لەلایەن چەکداره تایبەتیەکان که له ئێرانەوه دێن بۆ عێراق. بەپێی راپۆرتی تەلەفزیۆنی ئەلشەرقیه، ژنراڵ دەیوید برکنل که لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوو پێی داگرتوه که هۆی زیادبوونی توندوتیژی، گەڕانەوەی هێزەکانی تڕۆره که له ئێران را هاتن و ئێستا دەگەڕێنەوه بۆ عێراق. پێ دەچێ رژیم ئامانجی گرینگتر له زیادبوونی عەمەلیاتی تڕۆریستی که خەرجێکی زۆری بۆ ئەدا، پێ و شوێن بگرێ و ئەوەش ترساندنی حکوومەتی عیراقە. تەلەفزیۆنی ئەلشەرقیەی عیراق رۆژی ٥ شەممه ٣ی رەزبەر ئاشکرای کرد رژیمی ئێران پەیامی داوه به دەوڵەتی عێراق و هەڕەشەی لێکردوە که سزای تاڵ چاوەڕێی هەر عیراقییەکه که بەر له وەرێ خستنی هەڵبژاردن له ئەمریکا لەگەڵ واژوی رێکەوتننامەی ئەمنیەتی لەگەڵ ئەو وەڵاته موافقەت بکا. ئەلشەرقیه زیادی کرد لێپرسراوانی رژیمی ئێران به دارودەستەی خۆیان له پارلمانی عێراق رایانگەیاندوه که لەگەڵ ئەو رێکەوتننامه رازی نەبن و ئەوەی رازی بێ لەناوی دەبەن. بەقسەی چاودێرانی سیاسی ئەگەر ئەو راپۆرته راست بێ بەمانای ئەوەیه که رژیم لەدوای شکستی ئیستراتیژیکی له عێراق، ئێستا له هەوڵی دزی و فێڵ دایەو نا هومێدانه به دواین حەربە، یانی هەڕەشەی راستەوخۆ پەنای بردوه.

***

# فیدراسیۆنی بارهێنانی نێونەتەوەیی نیگەرانی له بارودۆخی موعەللیمانی ئێران دەربڕی




بەڕێوەبەری گشتی فیدراسیۆنی بارهێنانی نێونەتەوەیی که ٣٠ میلیۆن مەعەللیم له ١٧١ وەڵاتی جیهان تێیدا ئەندامن، له نامەیێکدا لەژێر ناوی سەرکوتی موعەللیمان له ئێران، نیگەرانی قوڵی خۆی دەربڕی. ناوبراو لەو نامەیەدا که ناردویەتی بۆ پاسدار ئەحمەدی نژاد، دەست بەسەر کردن و زیندانی کردنی ٣٧ کەس له موعەللیمان و ئەندامانی دامەزراوه غەیره دەوڵەتیەکان که نیازی بەشداریکردنیان له کۆبونەوەی ٢٦ی خەرمانان هەبوو، مەحکوم کردوه. ئەو دانیشتنه لەسەر بانگهێشتی شورای هاوکاری کردنی دامەزراوەی غەیره دەوڵەتی موعەللیمان بوو. ئەو شورایه له ساڵی ١٣٨١ی خۆری، دەستی بەکار کردوه و نیزیك به ٤٠ تەشەکولی مەعەللیمان له سەرانسەری جیهان تێیدا ئەندامن. ئامانج له وەرێ خستنی ئەو دانیشتنه، وتووێژ لەبارەی تێکۆشانی ئاشتیخوازانەی موعەللیمان بۆ بەرز راگرتنی رۆژی جیهانی موعەللیم له رۆژی ١٤ی ئۆکتۆبر بووه. بەڕێوەبەری گشتی فیدراسیۆنی بارهێنانی نێودەوڵەتی به دەربڕینی داخ و کەسەر لەوەی که تێکۆشەرانی مافی موعەللیمان له ئێران تەنانەت ئیمکانی چاوپێکەوتن و راگۆڕینەوەی بیرەکانی خۆیان بۆ رۆژی جیهانی موعەللیم نەبوو، نووسی: موعەللیمان که نیازی بەشداریان لەو دانیشتنه بووه لەلایەن هێزه ئەمنیەتیەکانەوه بەبێ رەحمانه کەوتنه بەر ئازار و شکەنجه و برانه پاسگای جۆراوجۆر. لەدوای ١٦ سەعات دەست بەسەری غەیره یاسایی، ٢٢ کەسیان ئازاد کران و باقی دیکه له زیندان دا راگیران. بەگوتەی فەردون لی وون مامۆستایان بێ هیچ تاوانێك لێپرسینەوەیان لێکراو ژمارەیێکیان دارکاری کران. بەڕیوەبەری گشتی فیدراسیۆنی بارهێنان لەو نامەدا کەبۆ سەرۆکی مەجلیسی شورای رژیم و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئاخوندی ناردوه، به هەنگاوەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر دەستوردان لەبارەی قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی دامەزراوه غەیره دەوڵەتیەکانی موعەللیمان، ناڕەزایەتی دەربڕی و رایگەیاند که مافی یەکیەتیەکانی کرێکاری و دامەزراوه غەیره دەوڵەتیەکان بۆ وەرێ خستنی کۆبونەوه و باس لەبارەی مەسائلی زانستی بێ ئیجازەی پێشتر، بەشێك له ئوسولی بنەڕەتی ئازادی دامەزراوەکانه و دەبێ لێپرسراوان له هەر جۆره دەستێوەردانێك که مافی یەکیەتی موعەللیمان بەربەست دەکا خۆ بپارێزن. ئەو دامەزراوه نێودەوڵەتیانەی موعەللیمان، گرتنی مامۆستایانی به پێشێلکردنی مافی مرۆڤ زانی. بەڕێوەبەری گشتی ئاموزشی نێودەوڵەتی داوای له پاسدار ئەحمەدی نژاد کرد بەربەستی دامەزراوەکانی موعەللیمان هەڵبگرێ و رێگەیان پێبدا ناڕەزایەتی له هەمبەر کارو سیاسەت و ئابوری دەربڕن. "فەردوون لی وون" لەکۆتایی نامەکەیدا رایگەیاند که فیدراسیۆنی بارهێنانی نێودەوڵەتی و یەکیەتیەکانی سەر بەو، چاودێری خۆیان لەسەر بارودۆخی هەنوکه بۆ تێکۆشانەکانی دامەزراوه غەیره دەوڵەتیەکان له ئێران درێژه پێ ئەدەن. بەرله فیدراسیۆنی بارهێنانی نێودەوڵەتی، دامەزراوەی غەیره دەوڵەتی موعەللیمان و سازمانی موعەللیمانی ئێران گرتنی ٣٧ موعەللیمیان مەحکوم کردبوو. لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا دامەزراوەکانی موعەللیمان که خوازیاری ژیانی باشتر و موچەی زیاترن، لەگەڵ رەفتاری ئەمنیەتی و دادوەری جۆراوجۆری رژیم بەرەوڕوو بونەتەوە. بەپێی راپۆرتەکان، کەم بوونەوەی مانگانه، جەریمەی نەقدی، دەرکردن له خزمەت هەڵپەساردن و دورخستنەوەی مامۆستایان بۆ شارەکان سەدان موعەللیمی گرتۆتەوە. هەروەها دەیان موعەللیم و تێکۆشەری داکۆکی مافی موعەللیمان لەکاتی دەربڕینی ناڕەزایەتیەکان لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا گیراون و بۆ ماوەیێك له زیندان هێشتوویاننەوە. جیاواز لەوه هەڵسوڕاوانی موعەللیمی بەردەوام بانگ کراون و لێپرسینەوەیان لێکراوە.

***

# ١٤ی رەزبەر رۆژی جیهانی موعەللیم بەرز رادەگرین

رۆژی ١٤ی ڕەزبەر بەرانبەر به ٥ی ئوکتۆبر رۆژی جیهانی موعەللیمە. ئەو رۆژه لەتەواوی جیهان بێجگه لەوەڵاتی ئێران، رێزی لێدەگیرێ و لەلایەن تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانەوه بەرز دەنرخێندرێن. موعەللیمان که قورسترین ئەرکیان لەسەرشانه، شیاوی ئەوەن که هەر کامیان میداڵی زێریان بەبەردابکرێ و بەباشترین شێوه خزمەتیان بکرێ، چونکه راهێنەری نەوەی نوێ و بناغەدانەری فەرهەنگی پێشکەوتن و داهاتووی باشترن بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. رۆژی ١٤ی ڕەزبەر لەلایەن یونیسکۆ، سەروه رێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان بەرۆژی جیهانی موعەللیم داندراوە. دیاری کردنی ئەو رۆژه بەناوی رۆژی جیهانی موعەللیم، بۆ رێزگرتن لەهەوڵ و ماندوبوونی تێکۆشەرانی رێگەی زانست و بەرەو پێش چوونه و هاوکات ئاوڕدانەوە لەژیان و مەعیشەتی ئەو چینه ماندوویی نەناسەیه که لەپێناو گەشەکردنی هوشیاری کۆمەڵگا و رزگاری مرۆڤایەتی تێدەکۆشن.




لەئێرانی ژێر رەکێفی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سەرەڕۆیی ئاخوندان، ئەمرۆکه نەك به گوێرەی پێویست ئاوڕ لەداواکاری و خواستەکانی موعەللیمان نادرێتەوە، بەڵکوو زیندانێکی ترسناکه بۆ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا به تایبەت رووناکبیران و موعەللیمان و بەجۆرەها شێوه دەچەوسێندرێنەوە. ئاخوندان بۆ لەگرێژنەبردنی خەبات و گەلاڵەی موعەللیمانی کوڵەکەی گۆڕان و سەرکەوتن بەسەر نەزانی و کۆنەپەرستیدا، دەیان بەرنامه و پیلانیان دارشتووه و بەردەوام هەوڵ ئەدەن پیلانەکانیان سەربگرێ و ئامانجه چەپەڵەکانیان بەدی بهێنن. یەکێك لەپیلانه شوومەکانی رژیم، شۆڕشی بەناو فەرهەنگی بوو که ویستی بەوکاره شێوەی دروستی خوێندن و بیرکردنەوەی موعەللیم و خوێندکار بگۆڕێ. بەمەبەستی سەرگرتنی ئەو کاره و گەیشتن به ئامانجی چەپەڵی، هەر لەبەرێڕا دەستی کرد به پاکانه حیساب لەگەڵ موعەللیمان و ئەوانەی که نەیاری سیاسی رژیم بوون و نەچوونه ژێر بڕیاره نەخوازراوەکانی ئاخوندان، لەکار دوورخرانەوه و تەنانەت ژمارەیێکیشان حوکمی درێژماوه و ئیعدامیان بەسەرداسەپاندن.

لەلایێکی دیکەوه ئاخوندان رۆژێکی تایبەتیان بۆ رۆژی موعەللیم لەئێران دیاری کردوه، ئەویش رۆژی ١١ی گوڵانه. ئامانجی رژیم لەو کاره و هەڵنەوەشاندنەوەی رۆژی ١١ی گوڵان و پێویست بوون به رۆژی جیهانی موعەللیم که ١٤ی ڕەزبەر و لەلایەن یۆنیسکۆوه دیاری کراوە، ئەوەیه که موعەللیمانی ئێران لەپاڵپشتی کردن و پشتیوانی موعەللیمانی جیهان بێ بەش بکات.

موعەللیمانی ئێران بەتایبەت کوردستان که ژیان و بژێویان لەوپەڕی خراپیدایه و زۆربەیان لەژێر هێڵی هەژاری دان، گەلاڵه و پیلانەکانی رژیمی دژمن به زانست و مرۆڤایەتیان کردۆته بلقی سەرئاو و لێبراوتر لەرابردوو کار بۆ رۆشەنبیرکردنی کۆمەڵگا و خەبات لەدژی نەزانی دەکەن. موبارەزه لەگەڵ نەزانی و دواکەوتوویی و هەوڵدان بۆ بەرەوپێش بردنی رەوتی روو لەگەشەی خوێندن و بارهێنانی نەوەی نوێ لەسەر بناغەی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد..، خەباته لەدژی رژیمی ئاخوندی. موعەللیمانی کوردستان که لەوپەڕی بێ بەشیدان و دەیانی وەك فەرزادی کەمانگەریان لەزیندان هاویشتووه، زیندان و بێ بەش کردن و شکەنجه، نەك نەیتوانیوه خەبات و هێنانەبەرباسی خواستەکانیان کەم بکات، بەڵکوو یەکگرتووتر به گژ دەسەڵاتی ئاخوندی دا دەچنەوه و هەتا هاتنەدی ئامانج و خواستەکانیان بەردەوام دەبن.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەیادی ئەو رۆژه پیرۆزەدا سڵاو دەنێرێ بۆ موعەللیمانی کوردستان که سەرباری هەموو دەردومەینەتیەکان، لەبارهێنان و فێرکردنی نەوەی نوێ و بناغەدانەرانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەردەوامن و هەتا ترۆپکی سەرکەوتنی رۆشنایی بەسەر تاریکیدا رێگه دەبڕن و هەنگاویان شل نابێت.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی
١٥ی رەزبەری ١٣٨٧